سەید حەکیم : باشکردن و پارێزارکردنی لاوان کۆمەکێکی گرنگی قەناغی داهاتووە و فرەیی ئابووریش بنچینەی سەقامگیری نیشتمانییە



لێدوانی بۆغدا بە نوخبەی ئەکادیمیاکان، سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هەڤکانی دەولەتی نیشتمانی ستایشی لاوان عێراقی کرد و بە کۆمەکێکی سەرکی چالاکی گەلی عێراقی وەسفکرد، سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە گرنگێ داهێنان و ئامادەکاری و شیاندن و پارێزارکردن بۆ ئەو چینە هەبەت و نموونەی زەر هەن لەم شۆڤیە ئێستا کۆسایەتی گەورەیان لە دروست بووە و رۆلی گەورەیان هەیە و بەوایان بە تواناکانی خۆیان هەیە.

سەماحەتی حەکیم ئاماژەی بەوەدا کە هەوتی حیکمەی نیشتمانی هەر لەسەرەتادا بە پشتیوانیکردن و بەهێزکردنی لاوان لەسەر بنەمای گەنجان و سەرکردایەتییەکی گەنج دامەزرا و ئاماژەی بەوەدا کە لاوان دوو لەسەر سێی سەرکردایەتی بزووتنەوەکە و مەکتەبی سیاسی پێکدەهێنن و متمانەی خۆی بەو هێگایە دەربەبێت و تۆکیدیشیکردەوە کۆسەرکەوتنی لاوان لەهەوتی حیکمە لەهەموو شوێنکدا لەهاتوویی و توانایان دەسەلمێنێت.

هەروەها هیوای خۆی دەربڕی کە سەرکی وەزیرانی دیاریکراو بەرێز عەلی زەیدی هەڤکی گرنگ و چالاکی ببینێت لەخزمەتکردنی عێراقدا و ئاماژەی بەوەشکرد کە قەناغی پێشوو سەرکردەکانی بەخۆیە بینیوە کە لەتەمەنی ناوەندیدا لەهاتوویی خۆیان سەلماندووە.

لەسەر ئاستی ناوچەکە سەید حەکیم ئاماژەی بەو هەلومەرجە نائاسایییە دا کە لە ناوچەکەدا لە شێی دژی کەماری ئیسلامی ئێران بەدی دەکرێت و توانا سەربازی و تەکنەلۆژیاییەکانی تێدا بەکاردەهێنرێت.

لەسەر ئاستی ناوخۆیی، سەماحەتی حەکیم ستایشی دیاردەی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەستەڵاتی لە عێراق کرد و گوتی ئەوە شتێکی نایابە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەش، پیشتر هەمیشە سەرکی پێشوو چارنووسی یان زیندانی یان کوشتن و لەسەدارەدان دەبوو، بەڵام ئێستا ئاسایی دەگۆڕێتەوە شوێنی پێشتری خۆی.

سەید حەکیم دووپاتی کردەوە کە لەوتاری جەژنی هەزراندا ئاماژەی بەپێویستی کۆتاییهێنان بەو بنبەستە سیاسییە کردووەتەوە و پشتیوانی بزووتنەوەی حیکمەتی نیشتمانی بە هەر هێگایەک کە یارمەتیدەر بێت لەخزمەتکردنی وڵات و گەلی عێراقدا دووپاتیکردەوە.

هەروەها سەید حەکیم باسی لە سروشتی سیستەمی پەرلەمانی کرد و ڕوونیکردەوە کە سیستەمێکی کوتلە کە تیایدا خەڵک دەنگ بە کوتلە سیاسییەکان دەدەن و ئەو کوتلەی نیوەی کەی یەک بەدەست دەهێنێت حکومەت پێکدەهێنێت. هەرچەندە سروشتی دەخی عێراق تا ئێستا هیچ کوتلەیەک ئەو زۆرینەیەی بەدەست نەهێناوە، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە گەیشتن بە کەدەنگی لەسەر سەرکی وەزیران لەنەو کوتلەکاندا کارێکی سروشتییە و لەگەڵ دیموکراسیدا دەگونجێت و چاوەڕوانی گەیشتن بە قەناغی کوتلەکە دەکات کە زۆرینەی نیوەی کەی یەک لەخۆ دەگرێت...

سەید حەکیم هۆشداری دا لە پشت بەستی زیاد لە پێویست بە نەوت وەک سەرچاوەی سەرکی داهات لەسایەی ڕووداوەکانی ئێستا و زیادبوونی جەژەی دانیشتوان و داوای کرد کۆرتکانی پیشەسازی و گەشتیاری و وەبەرهێنان و تەکنەلۆژیای نوێ بە شێوەیەکی باش ئەکتیف بکرێت، لەبەر ئەوەی داهاتی نەوت زیاتر بە

ئاوەدانکردنەوە و مووچە دەوات.

سەید حەکیم لە کۆتایی قسەکانیدا جەختی کردەوە لەسەر گرنگی بەجووڵە خستنی کەرتی تایبەت و پاڵپشتی کردنی بۆ ئاوەی هەڵی کار دابین بکات و فشار لەسەر دامودەزگاکانی حکومەت کەم بکاتەوە، هەروەها هیوای خواست حکومەتی زێدی بتوانێت کەرتەکانی بەرهەم هێنان بەجووڵە بخات و لە بیروکراتیەت دووریان بخاتەوە.

لەدوایین قسەی بەڕێز حەکیم جەختی کردەوە لەسەر گرنگی کامە بوونی نوخبە لەگەڵ دروستکەری بیار و گوتیشی ئەوە یارمەتیدەرە بۆ ئاوەی دیدەکی واقیعی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی گونجاو و بەستنەوەی بەرژەوەندیەکانی عیراق بەهەمووان.